# ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

ماوەیەک لەمەوبەر چەند وتارێک لەنێوان کاک نیازی حەمە عەزیز و (ڕێبوار) ناوێک لە سایتی کوردستان نێت-دا بڵاوکرایەوە. ئەوەی جێی سەرنج بوو لە دوو وتاری کاک (ڕێبوار)دا کە دیارە ناوێکی خوازراوە بە هەڵە (٣) جار ناوی منی هێناوە و بە مەرەکەبی سوور سەرنجی خوێنەرانی بۆ ڕاکێشاوە، گوایە من لە شاری سلێمانی بەرپرسی مەکتەبی ڕۆژنامەی هاوکاری بووبم.

بە پێویستی دەزانم ئەم ڕوونکردنەوەیە بۆ خوێنەرانی ئەم سایتە بەڕێزە بڵاو بکەمەوە کە من هیچ کاتێک پێوەندیم بەو نووسینگەیەوە نەبووە، ئەم نووسینگەیە ماوەیەکی زۆر کاک (فریا جاف) و پاشان ڕەحمەتی (ئازاد مەحموود مستەفا) بەرپرسی بوون کە بە (ئازادی خولە پاقڵە) ناسرا بوو، برایان: (لەتیف هەڵمەت) و (هێرش محەمەدئەمین) هاوکاری ئەم بوون و پێکەوە کاریان دەکرد. وا دیارە ئەم برایە (ئازاد مەحموود مستەفا)ی ڕەحمەتی لێ بووە بە ئازاد عەبدولواحید و ناوەکانی لێ تێکەڵ بووە، بۆیە نەدەکرا چاو لەو هەڵەیە بپۆشم.. لەگەڵ ڕێزماندا

ئازاد عەبدولواحید
سەرنووسەری گۆڤاری ڕامان
هەولێر - ٢٠٠٧/٥/٢٩